# چەپکێک نامە

**ئا: سەرنووسەر**

**دهۆک**

**١٩٦٠/٥/٢١**

برای من ئێ دەلال، ئێ خۆشەویست کاک تاهیر

ڕۆژ باش

نامەکەت بە دەستم گەیشت، زۆر پێ خوش، دلشاد بووم، هیوامان وایە کە لەمەوپاش ئیکتر بناسین، هیچ پەردە، بەرەڤان لە بەینمان نەمێنێت، بەهۆی دۆزینەوەی کوردییەک تێکەل = (ئێک گرتی) کە بە هەموو پای زارەک بنوێسریت، بێتە خواندن، هەروەکوو فەرموویت لە نامەکەتدا بۆم ناردوویت.

ئەمما داغەکەم، بۆ ئێمە (بادینان) کە هەر بە عەرەبی خواندوومانە، زمانەکەمان ون بووە، کەوتووە (تە) ژێر، هەر لەبەر ئەمە هیچ بوێژ، شاعر، چیرۆکبێژ لە بەینمان پەیدا نەبوونە و نەهاتوونە پێش، مرۆڤ زۆر ئازار ئەبینێت بۆ کووکردنەوەی ئەم شتانە (چیرۆک، شیعری خوش خوش)، ئەمما دیسان لەگەل هندێ ئێمە تەخسیری ناکەین، حەول ئەدەین کو ئەم کارە پیرۆزە بە دەستمانەوە ببیتە چراغەک بۆ ڕووناککردنی پێشـ(ڤ)ـە چوونمان، هیچ چک = (لۆمە = تان) بەسەرمان نەهێت، ئێدی هەتاکوو بکەڤینە ناڤ ئیش، خودێ نگەهبانی ئی وەبیت (بەخوات ئەسپێرم). ڕەڤا هەی سەیدایان سلاڤێن پڕ لە هەوەت بارینن.

برا عەزیزەکەم لێم ببوورە کە جوابی ئەم نامەیە زوو زوو نەهاتە نڤێسین.

هەڤاڵی تەیێ پڕ ڤیان

مەسعوود سەعید (١)

ئیمزا

**(١) مەسعوود سەعید: وەک دیارە مامۆستا و پەروەردەکارێکی دەڤەری بادینان بووە، لە پاش سۆراغێکی زۆر زانیاریم لە بارەوە دەست نەکەوت، هیوادارم هەر کەسێ زانیاری لە بارەوە هەیە بۆمی بنێرێ.**

**بغداد: تل محمد**

**١٩٧١/٦/١٩**

بۆ برای خۆشەویست و مێژوونووسـ(ـە)م

کاکە (محەمەد) تاهیر گیان، ڕۆژ باش

خۆشیتان لە خوای گەورە داواکارم و (ە) هەواڵی ئێمەیش دەپرسن، ئەلحەمدولیللا باشین. عەزیزم

مـ(ــە)ودەتێکە بــێ خەبــەرم لێتــان، بــەڵام هــەر چۆنێــک بــێ، ئومێــدم خۆشــیتانە.

ژمارەیــەک لــە نووســراوی (مێــژووی کۆیــە)ت بـۆ نــاردم، لــە کاتــی خۆیدا، سوپاســت ئەکــەم و (ە) وەکــوو بیســتوومە نووســراوی (شــەوچەرە)شــتان چــاپ کــردووە، هیــوام وایــە (مێــژووی کۆیــە) ســەرف بووبــێ و (ە) ئینشــائەڵڵا نووســراوی (شــەوچەرە)یش ڕەواجــی ئەبــێ و (ە) دوا بــە دوا هەمــوو نووســراوەکانت بــڵاو ئەکرێنــەوە ئینشــائەڵڵا و (ە) چاوەڕێــ(ی) ئــەوەم کــە ژمارەیــەک لــە نووســراوی (شــەوچەرە)م بــۆ بـ(ە)نێریــت بــرای ئازیــزم.

ئیتــر عەزیــزم چەنــد هاتوویت بۆ بەغــداد بۆچی (؟) ئــاگاد(ا)رت نەکــردووم، هەتــا بــە دیدەنیتــان شــاد بـ(ــە)بم. وەکوو بیســتوومە نووســراوی (شــەوچەرە) زۆر خۆشــە و بەســەرهات و ســەرگوزەشــتەی خۆشــی تێدایــە، خــوا بـ(ــە)تان هێڵــێ بـ(ــە)ۆ ســوود گەیانــدن بــە گــەل و وڵاتمــان بــرا ئازیزەکــەم.

وەکــوو (ڕشــتەی مــرواری) ســەیید عەلائەددیــن ســەجادی (١) خــۆش و تامــدارە و(ە) وەکــوو بیســتوومە باشتریشــە، ئیتــر داوای ســەرکەوتنتان لــە یــەزدان داوا ئەکەیــن بــۆ هەمــوو کارێکــی خێرتــان میــرم.

ئیتــر مــن و دایکی منداڵەکان عەرزی ئیحتیراممان هەیــە بـۆ جەنابتــان و بۆ ماڵــەوە و چاوی منداڵــە وردەکان مــاچ ئەکەیــن و(ە) نۆکەرتــان جەمــاڵ و (ە) کەمــاڵ و(ە) جەمیلــە و(ە) ســەلما و(ە) ســەلام دەســتی پیرۆزتــان مــاچ ئەکــەن. عەزیــزم، ئیتــر چاوەڕێــ(ی) نامــە و ژمارەیــەک لە نووســراوی (شــەوچەرە)م وەلســەلاموعەلیکوم.


ئیمزا

برای دڵسۆزت

شێخ هادی شێخ حەسەن پشدەری

بغداد: تل محمد – مخزن البريد العام

**(١) ســەیید عەلائەددیــن ســەجادی: لــە ژمارەکانــی پێشــوودا لــە بارەیــەوە نووســراوە.**




دهوك
٢١/ ٥/ ١٩٦٠
برای من ێ دەلال ێ خوشەویست
کاك طاهر

روژ باش:
نامەکەت بە دەستم گەیشت، زور پێ خوش و دل شادبوم، و هیڤامان وایە کە لەمەوپاشی تیکتر بناسیە و هیچ پەردە و بەرەڤان لە بینان نە مینیت، بە هوی دوزینەوەی کوردیەك تیگەل = (ئیك گرتی) کە بە هەمو پای و زاوك بنوێسریت و ببیتە خوندن هەروەکو فەرمویت لە نامەکەتە دا بوم ناردویت.

ئەما داغەکەم، بو ئێمە (بادینان) کە هەر بە عەرەبی خواندومانە زمانەکەمان وەندبووە و کەوتوە ژێر، هەر لە بەر ئەمە هیچ بویژ و شاعر و چیروك بێژ لە بەینان بەیدا نە بونە ونە هاتونە پێش و مروڤ زور ئازاری ئەبینیت بو کوکردنەوەی ئەم شتانە (چیروك و شعری خوش خوش) ئەما دیسان لە گەل هندێ ئێمە تەخسیری ناکەیە و حەولە ئەدەین کو ئەم کارە پیروزە بە دەستمانەوە ببیتە چراغەك بو روناکردنی پیشەچونمان و هیچ چلك = (لوبە = تان) بە سەرمان نەهێت. ئیدی هەتاکو بکەڤینە ناڤ ئیش خودێ نگەهبانێ وە بیت (بەخوات ئەسپێرم) جا رەڤا هەمی سەبدایان سلاڤین پر ل هەوەت بارینن.

برا عزێزەکەم لیم ببورە کە جوای ئەم نامەیە زو زو ناهاتە نڤیسین.

هەڤالێ تەیێ
پر ڤیان
مسعود سعید



بغداد: تل محمد
١٩/ ٦/ ٩٧١
بو برای خوشەویست و نووسەرم
کاکە محمد طاهر گیان روژ باش

**بەغدا: تەل محەمەد**

**٩٧١/٧/١٨ (١)**


**موحتەرەم کاکە تاهیر ئەفەندی بەڕێز**

**برای ئازیزم، زۆر خۆشەویستم**

**دوور لە ناخۆشی، چاکیت پێویستم**

**عەزیزم، هەواڵی برای خۆت ئەپرسی ئەلحەمدولیللا شادومانم، شادی و خۆشی و خۆشبەختی ئێوەیش لە خوای گەورە داواکارم. کاکی هاوکارم برای هوشیار و بەکارم، براڵە نامیلکەی (شەوچەرە) م پێگەیشت لەگەڵ نامە جوانەکەت کە هەموو شتم لێ ڕوون بووەوە، هەموو شـ(ـە)تەت بۆ ڕوون کردبوومەوە و(ە) لە نامەکەت باش حاڵی بووم.**

**چاوەکەم، جارێ خوا لەگەڵ خوشکە (زەینەب) خان لێکتان نەکات هەتا دێرزەمان، (وە) عەزیزم کیتابەکەتم خوێندەوە، بەڕاستی، بەبێ ڕیایی جێگای شانازییە، (وە) بە تایبەتی هەر گفتە و (ە) سەرگوزە(شتە)ی هەر یەکە بە لەهجەی کوردی وەکوو خۆی بڵاوت کردووتەوە، بەڵام داخەکەم دیارە لە بارەی ئابوورییەوە کەموکورتیت هەیە، بۆیە بە چەند ساڵ جارێک نووسراوێک**



**چاپ ئەکەیت، هەر چۆنێک بێ سەر ئەکەویت ئینشائەڵلا.**

**عەزیزم، منیش بەبێ لەقەب (نازناو)م پشدەرییە، بەڵام خەڵکی (قامیش)(ـە)م، لە ٩٤٦ (ا-ەوە) لە بەغدام، لە مەخزەنی بەریدم، (وە) لە کاتی خۆیدا لە دەنگوباسدا (الأخبار) هی محەمەد بریفکانی شتم بڵاو کردووتەوە، نازانم دیوتن، یانە؟ بە هەڵبەست بڵاوم کردووتەوە.**

**عەزیزم، بەڵێ، ماشائەڵلا سەید عەلائەددین سەجادی خوا لێی زیاد کات، ئێستا (ملیۆنێرە) بەرەو زیادی ئەڕوات، خوا لێـ(ی) زیاد بـ(ـە) کات. عەزیزم، هەتا ژمارەکەم، خەڵاتەکەی ئێوەم پێگەیشت، ژمارەیەکم کڕی لە بەغدا، (وە) سوپاست ئەکەم کەوا ژمارەیەکت (شەوچەرە) لە خەڵات بۆ (ت) ناردم. عەزیزم لەمەولا زوو بە زوو دەست ئەکەی بە چاپکردنی نووسراوەکانت ئینشائەڵلا تەعالا. عەزیزم لە ساڵی ١٩٥٥/٣/٩ ژنم هێنا (حەلیم) ناو، خەڵکی عەمادیە (ئامێدی)، (وە) لە ١٩٦٥/٧/١٢ عەمری خوای بەجێ هێنا، جەماڵ و(ە) جەمیلە و (ە) (کەماڵ)ی لە پاش بەجێماوە، بەسەر منداڵیشەوە چوو، خۆی و منداڵەکەی مردن، بەڵام بۆ خۆی بە نەخۆشی سینگ ڕۆیشت، ڕامانبوارد بە کولەمەرگی، بەڵام لە ١٩٦٧/٦/١٥ چووم بۆ قامیش ئامۆزایەکی خۆم خواست، سەلما و(ە) سەلام لە ئایشێ ئامۆزامـ(ە)ن، جەماڵ لە ١٩٥٦/١/١٩، جەمیلە لە ١٩٥٩/١/٧، کەماڵ لە ١٩٦٠/٥/١٠، سەلما لە ١٩٦٨/٤/٨، سەلام لە ١٩٧٠/٥/١٣.**

**لە دایـ(ە)ک بوون، ئیتر ئێستا زۆر بە خۆشی ژیان ئەبەینە سەر، خوا و سەری جەنابتان خۆشبێ براکەم، بەڵام ئایشێ لە ز(ە)ڕدایک ناکات، لە دای(ە)کیان باشتر(ە)ن، (وە) لە باوەژن ناکات، هەتا ب(ە)ڵێیت فەقیرە، (وە)**

بۆ میسال ئەمە چەند نوکتەیەکە کە لە فەقیرییان لە ئایشێ ڕوو(ی) داوە، ئیتر عەزیزم وەلسەلام.

سەلام لە زەینەب خان ئەکەم، ئایشێ عەرزی سەلام لە جەنابت و (ە) لە خوشکی زەینەب خان ئەکات و(ە) جەماڵ و(ە) جەمیلە و(ە) کەماڵ و(ە) سەلما و(ە) سەلام دەستی پیرۆزتان ماچ ئەک(ات)ـەن، چاوی (دلاوەر و نازدار و نازەنین و لەیلا و نەمر (نەریمان) و سەیران و ئارام ماچ دەکە(یـ)ن میرم.

برام کەنگی خوا لێ خۆشبوو ئەحمەد زەکی هەناری(١) عەمری خودای کرد؟

(وە) سەلام ئەکەم زۆر لە کاک کەریم شارەزا

خودا و (ە) پێغەمبەر لێـ(ی) ببێ ڕەزا

ئیمزا

برات بەڕاست، دڵسۆز

شێخ هادی شێخ حەسەن پشدەری

لە داوێنەکەی نووسیویەتی:

هیوام کە سەرێک لە بەغدایە بـ(ە)د(ە)یت (ە) و بە دەدەنیت شاد و مەسروور بـ(ـە) بم برای عەزیزم کاک تاهیر ئەفەندی حەوێزی.

**(١) نووسیویەتی ئەحمەد زەکی هەناری، ڕاستییەکەی (زەکی ئەحمەد هەناری)یە، کە لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسیومانە.**

## قوتابخانەی هەڵگورد

**١٩٧٢/١/١٧**

برای بەڕێزم کاکە تاهیر حەوێزی


ڕۆژتان باش: هیوادارم تەندروست و بەختەوەر بن لە ژیاندا.

برا ببوورە لە ماوەی ڕابوردوودا زۆر پڕ ئیش بووین سەبارەت بە کاروباری قوتابخانەمان کە گەورەترین و بە ئیشترین قوتابخانەیە لە شاری هەولێردا، (و) لەلایێکی تریشەوە بە ئامادەکردنی نووسین و وتارەوە خەریکین بۆ پێشکەش کردنیان لە ئیستگەی تەلەڤزیۆنی مووسڵدا، هەرچەندی کردمان دەزگای گشتیی تەلەڤزیۆن ماوەی نەدایین لە تەلەڤزیۆنی کەرکووکدا پێشکەشیان بکەین. بادینان و مووسڵ و هەولێر سوود لەو نەدوانەمان وەردەگرن، بە زۆریش ماندووبوونەکە و تەرجەمەکردنی وتارەکان بۆ عەرەبی و پێشکەش کردنیان بۆ بەڕێوەبەری ئیستگەی تەلەڤزیۆنی مووسڵ هەر لە مل منە.

کاکی بەڕێزم، لە بارەی شەوچەرەوە، ئەوا ٤،١٦٠ دینارم بۆ ناردن، هی نرخی ٢٦ دانە. (وە) ئەوانی تریش وا لە ماڵەوە کەوتوون و هەمووم بەستووە و ئامادەیە کە یەکێک هەبێ بۆت دەنێرمەوە کۆیە. ٢٢٥ دانەم بەستووە بۆ گەڕاندنەوە و ٧٧ دانەش لە کتێبخانەکانی شاری هەولێردا ماون.

(و) لە دواییشدا بە وردی هەموو حسابێکت بۆ دەکەم.

ئیتر داکی پشتیوان زۆر سەلام و ڕێزی هەیە بۆتان و زۆر هەواڵی زێنەب خان دەپرسم و چاوی


قوتابخانەی هەڵگورد
١٩٧٢/١/١٧
برای بەڕێزم کاکە طاهر حوێزی
ڕۆژتان باش: هیوادارم تەندروست و بەختەوەر بن لە ژیاندا.
برا ببوورە لە ماوەی رابردوودا زور پڕ ئیشی بووین سەبارەت بە کاروباری قوتابخانەمان کە گەورەترین و بە ئیشترین قوتابخانەیە لە شاری هەولێردا و لە لایێکی تریشەوە بە ئامادەکردنی نووسین و وتارەوە خەریکین بو پیشکەش کردنیان لە ئیستگەی تەلەفزیونی موصلدا. هەرچەندی کردمان دەزگای گشتی تەلەفزیون ماوەی نەدایین لە تەلەفزیونی کەرکوکدا پیشکەشیان بکەین. بادینان و موصل و هەولێر سوود لەو نەدوانەمان وەر دەگرن، بە زۆریش ماندوو بوونەکە و ترجمە کردنی وتارەکان بو عەرەبی و پیشکەش کردنیان بۆ بەڕێوەبەری ئیستگەی تەلەفزیونی موصل هەر لە مل منە..
کاکی بەڕێزم لە بارەی شەوچەرەوە ئەوا ٤،١٦٠ دینارم بۆ ناردن هی نرخی ٢٦ دانە. وە ئەوانی تریش وا لە ماڵەوە کەوتوون و هەمووم بەستوە و ئامادەیە کە یەکێک هەبێ

وردیلەکان ماچ دەکەم، کوڕەکان دەستتان ماچ دەکەن.

ئیتر هەر خۆش بن و ئامادەین بۆ هەر کار و فەرمانێکی هەتان بێ و خواتان لەگەڵ.

برات

ئیمزا

کەریم مستەفا حەوێزی


بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەڵگورد

**هەولێر**

**١٩٧٥/١١/١٤**

**برای بەڕێزم کاک تاهیر حەوێزی، ڕۆژتان باش**

هیوادارم سحەتتان باش بێ. ئەمجارەش حسابێکمان لەگەڵ کتێبخانەکانی هەولێر بۆ کردن و بایی ٦ دیناریان شەوچەرە فرۆشتبوو، وا بە هەردوو جار کردی ١٣ دینار، (وە) لە ئەنجامیشدا ١٧ دانە مابوو(نـ)ەوە، لە پاشکۆی کتێبخانەی (سولاف)م (١) داناوە تا دەفرۆشـ(ر)ێن. وا لەگەڵ ئەم نامەیەمدا دانەیەکم لە ڕۆژنامەی هاوکاری (٢) بۆ ناردن، وتارێکمانی تێدایە و لەسەر ڕابواردنی



هەولێر

١٩٧٥/١١/١٤ . برای بەڕێزم. کاک طاهیر حەوێزی ڕۆژتان باش:

هیوادارم صحەتتان باش بێ. ئەمجارەش حسابێکمان لەگەڵ

کتێبخانەکانی هەولێر بۆ کردن و بایی ٦ دیناریان شەوچەرە فرۆشتبوو

وا بە هەردوو جار کردی ١٣ دینار و لە ئەنجامیشدا ١٧ دانە مابووە

لە پاشکۆی کتێبخانەی سولافم داناوە تا دەفرۆشرێن. وا لەگەڵ ئەم

نامەیەمدا دانەیەکم لە ڕۆژنامەی هاوکاری بۆ ناردن، وتارێکمانی

تێدایە و لەسەر ڕابواردنی دیوەخانی ئەمین ئاغایە و هیوادارم لە پێشەکی

باسەکەمدا دڵگیر نەبی چونکە لەوانە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئێوەدا نەگونجێ

بەڵام ئەوە ڕای خۆمە، هەرچەندە وتارەکە هەندێ هەڵەی

تێکەوتووە بەڵام تام وبۆی خۆی هەر ماوە. سەلامی زۆرمان بۆ

مامۆستا عبدالمجید و کاک اسماعیل و کاک صمد و کاک حسام الدین و

صمد أفندی و لێرەوەش کاک جلال الدین زۆر سەلامی هەیە

لەو بەینە کتێبی (حکم الممالیک فی العراق)م دابوویێ و پێم گوت

دەبێ کاکت چاوی پێ نەکەوتبێ، چونکە زۆرجار ناوی کۆیە

دەهێنێ و وەک سەرچاوەیێکی مێژوویی سوودی لێ وەردەگیرێ.

لێرە ناو بەناو کاک دلاوەر دەبینین و الحمدلله صحەتیان باشە.

داکی پشتیوان زۆر سەلامی هەیە بۆتان بۆ زێنەب خان و چاوی

وردیلەکان ماچ دەکەین، وکوڕەکان دەستتان دەگوشن.

ئیتر هەر خۆشیتان.

دیوەخانی ئەمین ئاغایە و هیوادارم لە پێشەکی باسەکەمدا دڵگیر نەبی، چونکە لەوانە (یە) لەگەڵ بیروبۆچوونی ئێوەدا نەگونجێ، بەڵام ئەوە ڕای خۆمە، هەرچەندە وتارەکە هەندێ هەڵەی تێکەوتووە، بەڵام تاموبۆی خۆی هەر ماوە. سەلامی زۆرمان بۆ مامۆستا عەبدولمەجید (٣) و کاک ئیسماعیل (٤) و کاک سەمەد (٥) و کاک حیسامەددین (٦) و سەمەد ئەفەندی (٧) و لێرەوەش کاک جەلالەددین (٨) زۆر سەلامی هەیە.

لەو بەینە کتێبی (حکم الممالیک في العراق) م (٩) دابوویێ و پێم گوت دەبێ کاکت چاوی پێ نەکەوتبێ، چونکە زۆرجار ناوی کۆیە دەهێنێ و وەک سەرچاوەیێکی مێژوویی سوودی لێ وەردەگیرێ. لێرە ناو بەناو کاک دلاوەر (١٠) دەبینین و ئەلحەمدولیللا سحەتیان باشە.

داکی پشتیوان زۆر سەلامی هەیە بۆتان، بۆ زێنەب خان و چاوی وردیلەکان ماچ دەکەین، (و) کوڕەکان دەستتان دەگوشن، ئیتر هەر خۆشیتان.

ماوەیەک لەمەوپێش وەڵامی کارتەکەمان پێگەیشت، سوپاس.

برات

ئیمزا

کەریم مستەفا شارەزا

**پەراوێزەکان:**

**(١) کتێبخانەی سولاف (٢) هاوکاری (ڕۆژنامە) (٣) مامۆستا عەبدولمەجید (٤) کاک ئیسماعیل (٥) کاک سەمەد (٦) کاک حیسامەددین (٧) سەمەد ئەفەندی (٨) جەلالەددین (٩) حکم الممالیک في العراق (١٠) دلاوەر (کوڕی تاهیر ئەحمەد حەوێزی): لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.**

**مامۆستا بەرز و خۆشەویست تاهیر حەوێزی پێشکەش بێت**

سەلاوێکی گەرمی پڕ لە سۆزەوە (ئا)راستەی

جەنابتانی ئەکەم، ئاواتەخوازم هەر لە خۆشیدا بن .

پاشدان:

نامەکەت بە دەستم گەیشت، زۆر پێی شادبووم، مانەندی شانازی بوو، خودا تەمەن درێژ و بەتواناترت بکا هەردەم.

لەبەر زێدە بە نرخی (ی) نامەکەت و ناوەرۆکەکەی لە بارەی (مەلا محەمەدی جەلی) (١) و کتێبی (تذکرة العوام) (٢) و هەم پرسیارەکانی جەنابت لەبارەی کەشکۆڵی شیعری ئەختەر و حاجی قادری کۆیی و چەند شاعیری تر (دەقی نامەکەی جەنابت) بە تەواوی بۆ (کاک محەمەد عەلی قەرەداغی)م (٣) نارد، بەشەرتێ پاشدان بۆم ڕەوانە بکاتەوە، ئەنجا دوێنێ ٧٩/١/١ (١٩) بۆی ناردمەوە، لەگەڵ ئەم وەڵامانەی خوارەوە.

١ - زۆر سوپاسی جەنابتی کردووە، بەم شێوەی خوارەوە: (دووبارە سوپاسی زۆرم بۆ مامۆستای حەوێزیش و هیوام وایە لەشساغ و تەمەن درێژ بی و کارەکانی بەرهەم هێنەر بن و ئێمەش تام و چێژ(یان) لێ بکەین).

٢- (وە) نووسیبووی لە بارەی کەشکۆڵەکەوە (مەلا ڕەسوولێکی نۆربەی (٩٠) ساڵ پێش ئێستە نووسیویەتییەوە و بایەخی زۆریشی بە شاعیرانی دەوری (کۆیە) داوە و کەشکۆڵێکی بەنرخە.

٣- بۆ زیاد ئاگاداری نووسیبووی کە وتارێکی عەرەبی لەسەر ئەم کەشکۆڵەم نووسیوە، بە هیوام (نازانم)کەی، لە ڕۆژنامەی (عیراق) بەشی عەرەبی بڵاو ببێتەوە.

٤- لە کاتی خۆی بە منی وت کە شیعری حاجی قادری بڵاونەکراوەی تێدایە، لە گۆڤاری بەیان- ب(ە)ڵاوی ئەکەمەوە، ئەنجا نووسیبووی لە ژمارەکانی داهاتوودا (٥٣)، یان (٥٤)دا بڵاو ئەبێتەوە.

٥- (وە) نووسیبووی لە ترسی لەناوچوونی کەشکۆڵەکەم داوە بە پەرتووکخانەی زانکۆی سلێمانی (مامۆستای حەوێزی ڕێی بکەوێتە ئەوێ، ئەوە ئەتوانێ بەشێنەیی سەیری بکات).

٦- برادەرێکی کۆییم میوان بۆ ئەم شەو ١-٧٩/١/٢ (١٩) وتی مامۆستا حەوێزی لەگەڵ مامۆستا قادری کانی دەلبەندی- خەریکی تەفسیرەکەی مەلای گەورەن، وتم ئاگام لێیە، ئومێدەوارم زیاد لەبەر ئەوەی حەز ئەکەم زوو تەواو بێت، بۆم بنووسییەوە گەیشتوونە چ سوورەتێک؟ دەستی مامۆستا قادر ماچ ئەکەم، دوعای تەمەن درێژی بۆ ئەکەم.

٧- (وە) ئایە جەنابتان چیتان گەڵاڵە کردووە پاش (شەوچەلە)، (٥) هەر لە خۆشیدا بن.

ئیمزا


برات لە تکریت/ جەمال محەمەد باجوری

مزگەوتی گەورە، ١٩٧٩/١/٢

(١) مەلا محەمەدی جەلی (١٨٧٦- ١٩٤٣)

(٢) کتێبی تذکرة العوام تا ئێستا زانیاریمان لە بارەیەوە بە دەست نەکەوتووە.

(٣) محەمەدی عەلی قەرەداغی، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.



**(٤) جەمال محەمەد باجوری: لە زانکۆی کۆیە مامۆستا بووە، ئێستا خانەنشینە و لە شاری کۆیە دادەنیشێ. ساڵی ١٩٥٣ لە تەق تەق/ تاڵەبان لە دایک بووە. ساڵی ١٩٨٥ ماستەری لە (فقهی ئیسلام)ی و دواتریش لە ساڵی ١٩٩٠ پلەی دوکتۆرای لە هەمان بابەت بە دەست هێناوە لە زانکۆی بەغدا- كلية الامام الاعظم.**

**(٥) کتێبەکە ناوی شەوچەلە نییە، شەوچەرەیە.**

### کاک تاهیری بەڕێز

مـع كل التقدير للجهود المذولة فى اعداد هذا الكراس(١) وبهذا الشكل الشعبي المتواضع وبالأخص الأشارة الى مصادر الأقوال للدلالة و التأكيد على صحتها وغير ذلك.

الا ان هذا لايعني أنه ليس للقاريء ملاحظات خاصة به (وان جاءت متأخرة وبعد اكثر من عشرين عاما) وبناء على طلبكم ندرج أدناه ملاحظاتي وان كنت غير متهيأ لها في البداية.

١ – المقدمة تتضمن سرد بعض المواضيع تبعد القاريء (بعض الشيء) عن موضوع الكتاب.


٢ – الولوج الى تفاصيل وجزئيات بحيث أصبحت المقدمة اكثر من خمسة عشر صفحة (قد يجوز بحكم كونكم مستجدون).

٣ – صفة التواضع مسيطرة جدا على تعابيركم.

٤ – المتتبعون للأدب الكردي ينعتونه (بالأدب المكشوف) وهذا مالاحظته في كتيبكم المتواضع (وجهة نظري).

نرجو لكم التوفيق في اكمال العدد الثاني من (شەوچەرە)، ويكون لنا حصة بأحد أعداده (بسعر البيع)؟

يوسف محمد حسن الزهاوي(٢)
مدير مصرف الرافدين فرع كويسنجق
١٩٨٣/١٠/٤


كاك طاهری بەڕێز
مع كل التقدير للجهود المبذولة في اعداد هذا الكراس وبهذا الشكل الشعبي المتواضع وبالاخص الاشارة الى مصادر الاقوال للدلالة والتأكيد على صحتها وغير ذلك.
الا ان هذا لايعني أنه ليس للقاريء ملاحظات خاصة به (وان جاءت متأخرة وبعد اكثر من عشرين عاما)
وبناء على طلبكم ندرج أدناه ملاحظاتي وان كنت غير متهيأ لها في البداية.
١- المقدمة تتضمن سرد بعض المواضيع تبعد القاريء (بعض الشيء) عن موضوع الكتاب.
٢- الولوج الى تفاصيل وجزئيات بحيث اصبحت المقدمة اكثر من خمسة عشر صفحة (قد يجوز بحكم كونكم مستجدون)
٣- صفة التواضع مسيطرة جدا على تعابيركم.
٤- المتتبعون للادب الكردي ينعتونه (بالادب المكشوف) وهذا ما لاحظته في كتيبكم المتواضع. (وجهة نظري)
نرجو لكم التوفيق في اكمال العدد الثاني من (شەوچەرە) ويكون لنا حصة بأحد أعداده (بسعر البيع)؟

**(١) کراس، واتە نامیلکە، سیپارە، بەڵام ئەوە کتێبە، نەک نامیلکە.**

**(٢) يوسف محمد حسن الزهاوي: بۆ ماوەی چەندان ساڵ، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو بەڕێوبەری بانکی کۆیە بووە، خزمەتی خەڵکی شارەکەی کردووە، کەسێکی خزمەتگوزار و بەڕێز بووە.**

**مامۆستای بەڕێز کاک تاهیر ئەفەندی**

**ڕۆژ باش**

پاش هەواڵ پرسین، کاغەزەکەتان هات و (٩٠٠) نۆ سەد دینارم لە کاک حاجی کوڕی وەستا عەبدوڵڵا (١) وەرگرت، ئیتر ئینشائەڵڵا دەست بە چاپی دەکەین و بە کەیفی تۆ دەبێت.

لەسەر قسەکەی تۆش دەچم بۆ لای پەیمانی سەعید ئەفەندی (٢)، بەڵکوو یارمەتیمان بدات.

ئیتر شادیتانم ئاواتە
ئیمزا
عەبدولڕەزاق حەمەد بیمار
بەغدا ١٩٨٤/٥/١٣

**(١) کاک حاجی کوڕی وەستا عەبدوڵڵا: ناوی تەواوی حاجی عەبدوڵڵا ئەمین ئەحمەدە، لە کۆیە بە حاجی عەبدوڵڵای سایەق ناسرابوو، ساڵی ١٩٣٨**

لە شاری کۆیە لە دایک بووە، پیاوێکی قەدرگران بووە، یەکێک بووە لە شوفێرە ناسراوەکانی شاری کۆیە، زۆر بەڕێز و جێی متمانە بووە. باوکی موقەدەم دانایە کە لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی توندوتیژیی ژنانە لە شاری کۆیە، کوڕەکەی دیکەشی کە ناوی سەربازە، ئەویش ئەفسەرە، لە ٢٠٠٨/٣/٢١ هەر لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کردووە.

(٢) پەیمانی سەعید ئەفەندی: تەنیا ئەوەندەی لە بارەوە زانراوە کە کوڕی (سەعید فەهیم)ـە، ئێستا لە ژیاندا نەماوە.

**بۆ مامۆستا بەرز و بەڕێزم کاکە تاهیر ئەحمەد حەوێزی پێشکەش بێ**

مامۆستا زۆر سوپاسی ئەم هەستە پیرۆز و بەنرخەت ئەکەم کە ئەم ئەرکەت خستووتە سەر شانی خۆت بۆ ئەم بەسەرهاتانەی کە هاتووتە سەر شارەکەمان. وا جوان بۆمان ڕوون دەکەیەوە، پێویستە لەسەر شانی گەورە و بچووکە هەروەک باران شوکر و تەقدیر و سوپاست بەسەردا ب(ە)بارێنن بۆ ئەم نرخە پیرۆزە، چونکە تا ئێستا کەس ئەم خزمەتـ(ـە)ی بەرچاو نەکردووە، بەڵام کاکە تاهیر بە ڕووداوی گرانیی هەر کەس فیکری لێ بکات، پێویستە لە جیاتی فرمێسک، خوێن لە جگەری بێتە خوارێ، کۆتایی هەردوو دەستەکانت ئەگوشم و سەلام.


ئیمزا

برا بچووکت حاجی حسێن حاجی بەگ (١)

دانیشتووی هەولێر- نێزیک مزگەوتی کوێتی

١٩٨٩/٣/٢٠

(١) حاجی حسێن حاجی بەگ: زانیاریمان لە بارەیەوە بە دەست نەکەوت.



ماموستای بەرێز کاکە طاهر افندی

رۆژباش.

پاش هەواڵ پرسین، کاغەزەکەتان هات و (٩٠٠) نۆسەد دینارم

لە کاک حجی کوڕی وەستا عبداللە وەرگرت، ئیتر ان شاء اللە

دەست بە چاپی دەکەین و بەکەیفی تۆ دەبێت.


لەسەر ئەو قسەیەی تۆش دەچم بۆلای پەیمانی سعید افندی

بەڵکو یارمەتیان بدات.

ئیتر شادیتانم ئاواتە.

عبدالرزاق محمد بیار

بغدا ١٩٨٤/٥/١٢



بۆ ماموستای بەرز و بەڕێزم کاکە

طاهر احمد حوێزی پیشکەش بێ

ماموستا زور سوپاسی ئەم هەستە پیروزوە بە نرخەت ئەکەم

کە ئەم ئەرکەت خستوەتە سەر شانی خوت بو ئەم بەسەرهاتانەی

کە هاتوەتە سەر شارەکەمان:

وا جوان بومان روون دەکەیەوە پیویستە لە سەر شانی

گەورە و بچوک هەروەک باران شوکر و تقدیر و سوپا

ست بەسەردا بە بارین بو ئەم نرخە پیروزە چونکە

تا ئیستا کەس ئەم خزمەتی بەرچاو نەکردوە بەلام

کاکە طاهر بە رووداوی گرانی هەرکەس فکری

لی بکات پیویستە لە جیاتی فرمیسک خوین لە جگەری

بیتە خواری کوتایی هەردوو دەستتانا

ئەگوشم و سلام؛ براجوکت حاجی حسین حاجی

بگ دانشتوی هەولیر نیزیک

مزگەوتی کویتی

١٩٨٩/٣/٢٠